ڕەنگدانەوەی تاوانی گازبارانی هەڵەبجە لە میدیای ئێرانییدا، ڕۆژنامەی ئیتلاعات بە نمونە

انعكاس جريمة الهجوم الكيمياوى على حلبجة في وسائل الإعلام الإيرانية، صحيفة الاطلاعات أنموذجا

Reflection of the Halabja Gas attack crime in the Iranian media, Case Study, the Ettela'at Newspaper

د. هۆشمەن عەتا مەحمود [١]، د. ڕەزوان عارف عەباس [٢]
١ ، ٢ بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Corresponding author's e-mail: Hoshmand.mahmod@uoh.edu.iq
Corresponding author's e-mail: Razwan.abbas@uoh.edu.iq

پوختە

گەلی کورد لە باشوری کوردستان لە دروستبوونی دەوڵەتی هاوچەرخی عێراقەوە بۆ بەدەست هێنانی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی لە هەوڵ و تێکۆشاندا بووە، لەو ڕێگایەشدا دووچاری چەندین جەنگ و نەهامەتی بووەتەوە. لە دیارترین ئەو ڕووداوو و مەرگەساتانە، تاوانی گازبارانی هەڵەبجەیە لە ١٦ی ئادارى ١٩٨٨. ئەو ڕووداوە ئەگەرچی تراژیدیایەك بوو بۆ خەڵکی ناوچەکە، بەڵام لە دواتردا بە بردنە پێشەوەی دۆزی کورد و دروستبوونی هاوسۆزییەکی جیهانیی، کاریگەریی بەرچاوی هەبوو. ئەگەرچی تاوانەکە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە لە کۆتاییەکانی جەنگی سارد و لەسەر ئاستی هەرێمییش، شەڕی عێراق-ئێران لە ئارادابوو، لەو دۆخەشدا دەنگی کورد نەبیستراوبوو، بەڵام بەهۆی گرنگی پێدانی ئێران بە تاوانەکە و هەوڵە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی ئاستی سیاسیی، دیبلۆماسیی و میدیایی کە بوویە هۆی بەدەستهێنانی پاڵپشتی نێودەوڵەتیی لەڕووی تەندروستی و ئابووریی بۆ زیانلێکەوتوانی ڕووداوەکە، ئەو پرسە لە ئاستی ناوخۆیی عێراق دەرچوو، لە میدیای جیهانیدا دەنگی دایەوە. لە ناوخۆی ئێراندا، ڕۆژنامەی ئیتلاعات کە یەکێکە لە ڕۆژنامە دێرین و گرنگەکانی ئێران، بەدرێژایی چەندین هەفتە لە دوای تاوانەکە ڕومالی چڕوپڕی لێکەوتە مرۆیی، تەندروستی، سیاسی، کلتووریی و نێودەوڵەتییەکانی ئەو ڕووداوە کردووە، کە دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی بەسود بۆ تێگەیشتن لە لێکەوتە و ڕەوتی ڕووداوەکانی پاش شانزەی ئادار بەکاربهێنرێت، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدراوە بەپشتبەستن بە چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەکە، ڕادەی گرنگی پێدان و ڕانگدانەوەی تاوانی گازبارانی هەڵەبجە لە ڕژنامەی ئیتلاعات دا ڕوون بکرێتەوە.

وشە کلیلییەکان: ڕۆژنامەی ئیتلاعات، گازبارانی هەڵەبجە، ئێران، میدیای ئێرانی، کورد.

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە گۆڤاڕێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
http://doi.org/10.32410/huj-10656	DOI Link
ڕێکەوتی وەرگرتن (٢٠٢٣/١٠/١) ، ڕێکەوتی پەسەندکردن (٢٠٢٣/١٠/٢٣) ، ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە (٢٠٢٥/٤/٣٠)	ڕێکەوتەکان
Corresponding author's e-mail: Hoshmand.mahmod@uoh.edu.iq	ئیمەیلی توێژەر

© ٢٠٢٥ د. هۆشمەن عەتا مەحمود، د. ڕەزوان عارف عەباس . گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0	مافی چاپ وبڵاوکردنەوە

الملخص

يناضل الشعب الكردي في جنوب كردستان من أجل حقوقه السياسية والمدنية منذ تأسيس الدولة العراقية الحديثة. لقد واجه العديد من الحروب والمصاعب على طول الطريق. ومن أبرز هذه الأحداث والمآسي هو الهجوم بالغاز على حلبجة في ١٦ آذار/مارس ١٩٨٨. ورغم أن هذا الحادث كان مأساة لأبناء المنطقة، إلا أنه كان له فيما بعد أثر كبير على القضية الكردية وخلق التضامن الدولي. ورغم أن الجريمة ارتكبت على مستوى دولي عشية الحرب الباردة و على مستوى الاقليمي الحرب العراقية الإيرانية، إلا أن الصوت الكردي لم يكن مسموعاً، إلا أنه بفضل جهود إيران على المستوى السياسي والدبلوماسي والإعلامي والدعم الصحي والاقتصادي للضحايا ردد في وسائل الإعلام الدولية. وفي داخل إيران، ظلت صحيفة الاطلاعات، إحدى أقدم وأهم الصحف في إيران، تغطي منذ عدة أسابيع التداعيات الإنسانية والصحية والسياسية والثقافية والدولية للحادثة. ويمكن استخدامه كمصدر مفيد لفهم العواقب ومسار الأحداث بعد ١٦ مارس.

الكلمات المفتاحية: صحيفة الطلاعات، الهجوم الكيميايي على حلبجة، إيران، الإعلام الإيراني، الكورد.

Abstract

The Kurdish people in South Kurdistan have been struggling for their political and civil rights since the establishment of the modern Iraqi state. they have faced many wars and adversities along the way. The most prominent of these events and tragedies is the gas attack on Halabja on March 16, 1988. Although this incident was a tragedy for the people of the region, it later had a significant impact on the Kurdish cause and the creation of international solidarity. Although the crime was committed on the eve of the Cold War and the regional level Iraq-Iran war was on the way, the Kurdish voiceless in international community, but due to Iran's efforts at the political, diplomatic and media levels, health and economic support for the victims It echoed in the international media. Inside Iran, the Ettela'at newspaper, one of the oldest and most important newspapers in Iran, has been covering the humanitarian, health, political, cultural and international consequences of the incident for several weeks. It can be used as a useful source for understanding the consequences and course of events after 16th of March.

Keywords: Ettela'at newspaper, Halabja gas attack, Iran, Iranian media, Kurd.

بەرایی:

تاوانی گازبارانی هەڵەبجە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا وێستگەیەکی گرنگە، چونکە وێنەی کورد لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دوای ئەو تاوانە، وردەوردە گۆڕانی بەسەرداهات. بەتایبەت لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و کۆتایی جەنگی دووەمی کەندا، کە بویە هۆی ڕەوی ملیۆنیی کورد بۆ سنورەکان، چونکە خەڵکی کوردستان ترسیان لە تۆڵەکردنەوەی سوپای عێراق هەبوو کە جارێکی دی هاوشێوەی هەڵەبجە چەکی کیمیایی لە دژیان بەکاربێهێنێتەوە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بۆ پاراستنی کوردستان و هەروەها بۆ

ئەوەی ڕێگە بکرێت لە ڕووداني کارەساتێکی مرۆیی، ناوچەی ئارامی دروست کرد کە لە دواییدا دروستبووني حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە. لەو دینامیکیە سیاسییەشدا هەڵبجە ڕۆڵی بزوێنەر و پاڵنەری هەبووە، چی لەسەر ئاستی ناوخۆ یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

هەرچەندە ئێران کێشەی سیاسی لەگەڵ کەمینەی کورد و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە، لەهەمانکاتدا خوازیاری بەرەو پێشچونی کەیسی کورد نەبووە لە باشوری کوردستان، بە هۆی ئەوەی بەرەوپێشچونی دۆزەکە لە هەر پارچەیەکی کوردستان کاریگەریی لەسەر پارچەکانی دیکەش دادەنا. سەرباری هەموو ئەوانەش، دیارە ئێران ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ناساندنی پرسەکە و لۆبی کردن بۆ سزادانی عێراق لەمەڕ ئەو تاوانە، ئەوەش هۆکاری تایبەتی هەبووە لای ئێرانییەکان. بەشێکی سەرەکی بەهۆی دۆخی جەنگەوە بووە لەگەڵ عێراق، چونکە ئێران لەژێر فشاری نێودەوڵەتی و بەتایبەت ئەنجومەنی ئاسایشدا بوو بۆ کۆتایی پێهێنانی جەنگ، ئێران دەیویست لە ڕێگەی بە نێودەوڵەتی کردنی کەیسی هەڵبجە وێنەی عێراق ناشرین بکات و هاوسۆزی بۆ خۆی دروست بکات چونکە ئێران بانگەشی ئەوەی دەکرد کە لە ماوەی جەنگەکە عێراق چەندین جار ئەو چەکەی لەدژی ئێران بەکارهێناوە لە مەیدانەکانی جەنگ و تەنانەت ناوچە مەدەنییەکاندا وەک گازبارانی شاری سەردەشت لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٨٧دا. لەلایەکی دیکەوە لەڕێگەی پەیداکردنی هاوسۆزیی بۆ زیانلێکەوتوانی هەڵبجە، ئەو گەمارۆ دیبلۆماسییە لەگەڵ ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەوروپا بشکێنێت کە لەدوای هاتنە سەرکاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەسەریدا سەپابوو.

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە بەدوای دیوێکی نەزانراوی تاوانی گازبارانی هەڵبجەوەیە، ئەویش گرنگیپێدان و ڕەنگدانەوەی تاوانی گازبارانی هەڵبجە لە ڕۆژنامەیەکی گرنگی ئێرانیدا کە نزیک بووە لە ناوەندی بڕیاری سیاسی لە ئێران، لە کۆمەڵێگ ڕووەوە زانیاری گرنگی تێدایە، لەوانە ناردنی بریندارەکان بۆ وڵاتانی دەرەوە، دروستکردنی هاوسۆزیی بۆ بەرکەوتوان، بیرکردنەوەی دەستەبژێری ئێرانی سەبارەت بە تاوانە، تۆمارکردنی ڕۆژانەی ڕاپۆرت و هەواڵی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە هەڵبجە.

میتۆدی توێژینەوەکە میتۆدی مێژوویی سیاسییە، کە پشتی بەستووە بە شیکاری دەق Content analysis، ڕاستەوخۆ ڕۆژنامەکەوە هەواڵ و ڕاپۆرت و نوسینەکان ئاماژەیان پێکراوە و وەرگێڕان هەوڵدراوە شیکردنەوەیان بۆ بکرێت. لە ڕوانگەی هەلومەرجی سیاسی و بەرژەوەندییەکانی ئێرانەوە شیبکرێنەوە.

ئامانج و پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوە گەڕان و شیتەڵکردنی تاوانی گازبارانی هەڵبجە لە دیدی میدیا ئێرانیەکان بە گشتی و ڕۆژنامەی ئیتلاعات بە تایبەتی، لە ڕاستیدا ئێرانییەکان بەشێک بوون لە جەنگەکە، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاوانی گازبارانی هەڵبجە، دەگەڕێتەوە بۆ پێشڕەویەکانی سوپای ئێران و دەستبەسەرداگرتنی ناوچەی هەڵبجە ڕسیارەکە ئەوەیە کە ئایا تا چەند ئێرانییەکان : گرنگی بە تاوانی گازبارانی هەڵبجەداوە ؟ وە چەندە لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتدا ڕەنگی داوەتەوە؟

چیۆەی توێژینەوەکە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی ڕەنگدانەوەی تاوانی گازبارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارە (١٨٤٢٤) ی ڕێکەوتی ٢٦ مارس ١٩٨٨، تا ژمارە (١٨٤٤١) ی ١٧ نیسانی ساڵی ١٩٨٨.

گرفتی توێژینەوەکەش نوسینی توێژینەوە توشی گرفت دەبیتەوە، بە تایبەت کەمی کات و کێشەی زمان و هاتوچۆ کردن نێوان وڵات و شارەکان، لە کۆتایشدا هەوڵدراوە کە تاوانی گازبارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتدا شەن و کەونی ڕوداوەکان بکرێت.

پلانی توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر سێ تەوەردا، لە تەوەری یەکەم بەگشتی باس لە ڕۆڵی ئێران و میدیای ئێرانیی لە بڵاوکردنەوە و بەنێودەوڵەتیکردنی تاوانی گازبارانی هەڵەبجە کراوە . لە تەوەری دووەم هەڵدراوە شیکاری گرنگترین ئەو بابەتانە بکرێت کە سەرچاوەی ڕاپۆرت و هەواڵی ڕۆژنامەی ئیتلاعات تایبەت بە تاوانی گازبارانی هەڵەبجە، لەناوخۆی ئێراندا بوو، لێرەدا ئەو هەواڵ و ڕاپۆرت و بابەتان تیشکیان خراوەتە سەر کە لە ئاستی ناوخۆی ئێران ڕوپانداوە و ڕۆژنامەکە گواستوویەتیەوە. لە تەوەری سێیەمدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی شیکاری بۆ بابەتەکانی ڕۆژنامەکە کراوە، ئەویش لەسەر دوو ئاڕاستە، یەکەم بە ئاڕاستەی ئەو دەوڵەت و ڕێکخراوانەی کە دەرهەق بە تاوانی گازبارانی هەڵەبجە بەیاننامە، پشتگیری، هاریکاری مرۆیی، تەندروستی... هەبووە، دووەم بە ئاڕاستەی میدیای جیهانیی، لێرەشدا جەخت کراوەتە سەر ڕومالی ڕۆژنامەی ئیتلاعات بۆ میدیا جیهانییەکان کە باسی ڕووداوەکەیان کردوە. لە کۆتاییشدا دەرئەنجامەکان خراوەتە ڕوو.

تەوەری یەکەم - ڕۆڵی ئێران و میدیای ئەو وڵاتە لە بەنێودەوڵەتیکردنی تاوانی گازبارانی هەڵەبجەدا:

تاوانی گازبارانی هەڵەبجە لە کۆتایی شەڕی ئێران-عێراق ١٩٨٠-١٩٨٨دابوو، ئەگەرچی بەدرێژایی جەنگەکە، هێزە سیاسیەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەریەکەیان لەلایەن ئەو دوو دەوڵەتەوە لە دژی یەکدی بەکاردەهێنران، سەرباری ئەنجامدانی چالاکی و کاری بەرەیی هێزەکانی ئێران لەگەڵ هێزە کوردیەکان بەشێوەیەکی جیاواز و بەتایبەت لە ناوچەی شوێن دەسەڵاتی هێزە کوردیەکان، بەڵام دوای ڕێککەوتنی یەکێتی و پارتی لە ئێران لە ٧/ ١١/ ١٩٨٦، ئیدی بیرۆکەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی تاڕادەیەکی باش گەڵاڵە دەبێت و ئەوەش وایکرد هاوپەیمانی و کاری بەرەیی لەگەڵ ئێران بە تایبەت لە مەیدانی جەنگییدا بێتە ئاراوە. ئەو سیاسەتەش حکومەتی عێراقی تورە کرد و بەڕێوبەرایەتی باکوری عێراق بەسەرکردایەتی عەلی حەسەن مەجید ڕەفتارەکانی بەرانبەر جوڵانەوەی سیاسیی و چەکداریی توندوتیژتربوو. زیاد لەوەش، ئەمجارە کاردانەوەکانی سوپای عێراق تەنها بەرانبەر پێشمەرگە نەبوو، بەڵکو بە بیانووی ڕیشەکێشکردنی شۆڕشی کورد، پڕۆسەی ئەنفال لە شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێکرد و لە ئەیلولی هەمان ساڵدا پاش هەشت قۆناغ کۆتایی هات.

تاوانی گازبارانی هەڵەبجە لە دەستپێکی ئەو شاڵاوەو لە ١٦ی ئادار ئەنجامدرا. ئەویش دوای ئەوەی کە هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێران و هێزی پێشمەرگەی لایەنە سیاسییە کوردییەکان پێشڕەوییان کرد بۆ ناو خاکی عێراق و تەواوی سنوری قەزای هەڵەبجە کە پێکهاتبوو لە شاری هەڵەبجە، شارۆچکەکانی سیروان، خورماڵ، بیارە و تەوێڵە و تەواوی گوندەکانی ئەو سنورە لە ١٥ی ئادارەدا گیران. لەو شەڕەدا نزیکەی ٤٠٠٠ سەربازی عێراقی لە نێویاندا ١٠٠ ئەفسەری پلە باڵا، کوژران یان بە دیل گیران (د. محمد العریان، ٢٠٢٢،

ص ٢٣٦٨). ئەو کارەش کاربەدەستانی عێراق نیگەران کرد، لە ڕۆژی ١٦ی ئادار، بە چەکی کیمیایی بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر هەڵەبجە و دەوروبەری بۆردومان کرد، کە لە ئەنجامدا نزیکەی ٥٠٠٠ شەهید، ١٠٠٠٠ کەسیش بریندارببوون، سەرجەم دانیشتوانەکەی ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون (د. کارزان، ٢٠٢٢، ل ١٤).

پاش نیوەڕۆی ١٩٨٨/٣/١٦ بۆردومانی کیمیایی دەستی پێکرد (بکر حمەسدیق عارف،٢٠٠٤:ص٢٣)، پەنجا فڕۆکەی هێرشکەری زەمینی کە هەر یەکەیان چوار بۆمبی (٥٠٠) کیلۆگرامی کیمیاییان هەڵگرتبوو پەلاماری هەڵەبجەیاندا، (عادل سدیق عەلی، ٢٠١٨، ل٣٠٦) ئەو گازانەی لە هێرشی هەڵەبجەدا بەکارهێنران لە هەوا قورستر بون و بە ئاسانی بە سەر زەوییدا دەکەوتن، لەبەر ئەمە بوو لە سەرەتادا دەستی بە هێرش کردن کرد بە بۆمبی ئاسایی بۆ ئەوەی خەڵکی ناچار بن بۆ پاراستنی گیانی خۆیان پەنا بۆ ژێر زەمینەکان ببەن و نەتوانن بچنە دەرەوەی شارەکە. (مایکل جەی کیلی، ٢٠١٢، ل٧٨) زۆری نەبرد پەناگە و ژێر زەمینەکان کە چەندین ساڵ بوو خەڵکی هەڵەبجە بۆ خۆپاراستن بەکاریان دەهێنا بونە گۆڕی بە کۆمەڵی خەڵکی مەدەنیی شارەکە، (یدالله ایزدی، ١٣٩٢، ص١٧٧) بە تایبەتی ژێر زەمینی کۆلان و گەڕەکەکانی پیرمحەمەد ، بەنزینخانە، کانی قوڵکە، جولەکان، سەرا، پاشا و شەهیدان.(میدڵ ئیست ووڕچ، ٢٠٠٤، ل١٦٣).

کارەساتی گەورە ئێوارەی ١٦ی مارتی بوو کە بە چڕیی موجەمەعی عەنەب، ناوشاری هەڵەبجە و گوندی عەنەبی گرتەوە، خەڵکەکە دەیویست لە ڕێگەیەوە ڕزگاری ببێت بەڵام بەر شاڵاوەکە کەوتن. (عادل سدیق ، ٢٠١٨، ل٣١٠) ئەوانەی کە مابونەوە ڕێگای سنوری ئێرانیان گرتە بەر بۆ ڕزگار بوون، بەڵام فڕۆکەکان بەردەوام ڕێگاکانی هەڵەبجە- سازان ، هەڵەبجە - عەنەب، عەنەب – هاوار ، بیارە- تەوێڵە، خورماڵ- ئەحمەدئاوا، خورماڵ – ملەخورد – دزلیان بۆمباران و گازباران کرد. (شەوکەتی حاجی مشیر، ١٩٩٩، ل١٧١). هەر لە ڕۆژی کیمیاباراني هەڵەبجەدا ئێران تەواوی سنور و مەرزەکانی خۆی بە ڕوی خەڵکی هەڵەبجەدا کردەوە، لە هەمان کاتدا تیمی پزیشکی ئێرانیش گەشتە ناوچەکە و هاوکاری کردنی خەڵکی سیڤیلی هەڵەبجە دەستی پێکرد، (محەمەدی حاجی مەحمود، چاوپێکەوتن، ٢٠١٤/٩/١).

دو ڕۆژ دوای کیمیاباران ژمارەیەك بارهەڵگری وەك پاس و کامیون و فڕۆکەی سەربازی دەستیان بە گواستنەوەی بریندار و ئاوارەکان کرد بۆ ئێران بە مەبەستی چارەسەر کردن و دروست کردنی کەمپ و ئۆردوگا بۆ پەناهەندەکان، (رضوان عارف عباس،٢٠١٥، ص ٧٣)، ئێران ڕۆڵی سەرەکی بینی لە هاوکاری کردنی بریندار و زیانلێکەوتوان و ئاوارەکان، توانی چەندین ئۆردوگا دروست بکات وەك (هەرسین، سەریاس، سەلاسی باوەجانی، هەزار خانی، سەنقور، کامیاران، شوێشە، بارام ئاوا و ئۆردوگای دزڵی). (نعمت محەمەد عەزیز، چاوپێکەوتن، ٢٠١٤/٨/٣٠).

پاش ئەو ڕووداوە، دەنگۆی ڕودانی کارەساتێکی مرۆیی گەیشتە پەیامنێرانی نیشتەجێی تاران و نوسینگەکانی پاریس، لەندەن و واشنتۆن، ڕاپۆرتەکان باسیان لە پێشڕەوی هێزەکانی ئێران لە باکووری عێراق، هێرشی کیمیایی هێزی ئاسمانی عێراق بۆ سەر شاروچکەیەکی کوردنشین و سەدان حاڵەتی بەرکەوتنی گازی کیمیایی دەکرد. ئێرانییەکان ئەوەیان بە دەرفەتێکی زێڕین زانی بۆ ئەوەی بابەتەکە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا لە دژی عێراق بەکاربهێنن، بۆیە دەستبەجێ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێرانیی بە بینراو، بیسراو و خوێنراو، ئاژانسی هەواڵیەکانی ئێران، هەواڵی ڕوداوەکەیان بە جیهان ڕاگەیاند، دەستیان بە بڵاوکردنەوەی وێنەکان کرد، لە ڕێگەی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانیانەوە، ژمارەی بریندارو شەهیدەکانیان

گواستەوە. یەکەم وێنەی ڤیدیۆیی تاوانەکەی بڵاوکردەوە و ملیۆنان کەس لە دونیادا بینەری بوون (عادل صدیق، ٢٠١٨، ل ٣٨٩-٣٩٠)

لەو بارەوە شەوکەتی حاجی موشیر کە بەرپرسی باڵای هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی بوو دەڵێت "دوای گازبارانی شاری هەڵەبجە و دەوروبەری، ئێران گرنگی زۆری پێدا و لە تەلەفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامەکانیەوە سات بە سات هەواڵەکانی دەگواستەوە، ئێمە ژمارەیەکی زۆر شەهیدمان دا و بە سەرکردایەتی خۆمان راگەیاند کە لە هەڵەبجە پێنج هەزار کەس شەهید و دە هەزار کەس بریندار هەیە و ئەم ژمارەیە بڵاو کرایەوە لە تۆڕە میدیاییەکان و دوای ئەمە ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنوسان و پەیامنێران و وێنەگر هاتنە ناو شاری هەڵەبجەوە کە زۆربەیان ئێرانی بوون". (شەوکەتی حاجی مشیر، ١٩٩٩، ل١٨٠).

بێگومان ئێران ئەگەر هاوکاری راگەیاندنکارانی ناوخۆیی و بیانیی نەکردایە، ئەم کارەساتە گەورەیە بە نهێنی دەمایەوە، بەڵام هاوکاری کردن هەتا لە نزیکەوە شاهیدی دیمەنەکان بن، لە سەرەتادا کاردانەوەی ئەم تاوانە لە ناوخۆی ئێران بڵاوبوەوە کاتێك ژمارەیەك لە پەیامنێرانی ئێرانی گیانی خۆیان خستە مەترسیەوە، لە ئەنجامدا لە رێی وێنەکانیانەوە دوونیای دەرەوەیان بە ئاگا هێنایەوە. (حەمەی حەمە سەعید، ٢٠١٤، ل ٩٠).

هەڵەبجە بوو بە هێما لە یادەوەری دەستەجەمعی کورد، ئەویش بەهۆی ئەوەی رۆژنامەنووسانی ئێرانیی و بیانیی توانیان وێنە و ڤیدیۆی ڕوداوەکە تۆماربکەن.لەو کاتەدا هیچ وەڵامێکی دەستبەجێی نێودەوڵەتی نەبوو بۆ هێرشی گازی ژەهراوی بۆ سەر هەڵەبجە. ئەو کاتە رۆژئاوا هێشتا بە تۆندی لە پشت سەدام حوسێنەوە وەستابوون لە شەڕەکەی دژی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لەو کاتەدا بە گەورەترین مەترسی بۆ رۆژئاوا دادەنرا. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ بوو. (Hawraman & Bahar, 2022, P. 60). لە رێگەی ئێرانەوە چەندین وێنەگر و پەیامنێر و یاداشتنوس لە سەرەتای ڕوداوەکەوە هاتونەتە ناوچەکەزۆربەیان ئێرانی بوون وەك لەم خشتەدا دەردەکەوێت:

ئەحمەد ناتقی	ئێران
سەعیدی سادق	ئێران
هیدایەت بەهبودی	ئێران
سەعید جانبزرگ	ئێران
مەهدی جەمشیدی	ئێران
عەلی فەرەیدونی	ئێران
ساسان موئەیدی	ئێران
ئیحسان رەجەبی	ئێران
جاسم گەزنە پور	ئێران
پەدوڵای چراغی	ئێران
سەیفوڵای تاهیری	ئێران
رەمەزان ئۆزتورك	تورکیا
یوسی ڤۆتیلا	فنلندا
ئەرستۆ کڵاشن	نەرویج

عەباس عەبدوالرەزاق[1]	عێراق
کیس سخاپ مان	هوڵەندا
ستیڤان هرێتین	سوید
غولامرەزا شیر محەمەدپور	ئێران
ئەحمەدی بناکاشانی	ئێران
پەرویز پژوهەندە	ئێران
ماجید کەریمیان	ئێران
کاوە گوڵستان	ئێران
ئەباسەڵت بەیات	ئێران
مەحمودی مەعریفەتی	ئێران
جیهان بەخش تاهیر خانی	ئێران
عزەت باوەکۆچەکی[2]	عێراق

لە گەڵ ئەمەشدا چەندین نوسەر و یاداشتنوس چەند سانێك دوای تاوانەکەوە دەستیان بە نوسینی ئەو چیرۆکانە کرد کە لە شارەکەدا بینراون، بە تایبەت ئەو سەربازە ئێرانیانەی کە دەستی نوسینیان هەبووە، تەواوی رووداوەکانیان نوسیوەتەوە وەك (نصرت الله محمود زادە) کە چەندین کتێب و توێژینەوەی نوسیووە سەبارەت بە جەنگی عێراق – ئێران، (هەناسە ژەهراویەکانی هەڵەبجە، مرثیەی حلبجە، بام کوردستان)، هەروەها (محمد درودیان) دوو کتێبی (شلمچە تا حلبجە، روند پایان جنگ)ی نوسیووە.

چەندین بەڵگەی تری مێژوویی لە ئێراندا سەبارەت بە تاوانی گازبارانی هەڵەبجە لە بەردەستدان و تۆمار کراون لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی بەرگری پیرۆزی ئێرانی، چوار رۆژنامەی گرنگی رۆژانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ماوەی مانگێگ هەر لە کارەساتی کیمیابارانەوە زۆربەی مانشێت و هەواڵ و کورتە هەواڵ و وێنەکانیان پرێەتی لە روداو و بەسەرهاتی کارەساتی کیمیاباران و قوربانیان ئەوانیش رۆژنامەکانی (جمهوری ئیسلامی، کەیهان و ئیتلاعات و رسالەت)، کە بە وردی لەم توێژینەوەیەدا کار لە سەر زانیاریەکانی رۆژنامەی ئیتلاعات کراوە.

پاش ڕوداوەکە کاربەدەستانی ئێرانی بە فەرمی چەندین نامەیان بۆ دەوڵەتانی جیهانی، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهان کرد. بانگهێشتی ڕۆژنامەنوسانی جیهانیان کرد کە سەردانی مەیدانیی شارەکە بکەن. لە ڕۆژی ١٩ی مارت نزیکەی ٥٠ ڕۆژنامەنوسی ئێرانیی بە دوو هەلیکۆپتەر سەردانی هەڵەبجەیان کرد و لە ڕێگەی زوومی کامێراوە وێنەکانی هەڵەبجەیان بۆ جیهان گواستەوە، پاشتریش سەردانی کاربەدەستانی ئێرانیی و بریندارانی کارەساتەکە و سەربازە دیلکراوە

١ لە باخسەمەر پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوە، کاری راگەیاندنی کردوە لە گەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە هاتۆتە شارەکە و بۆ ماوەی هەفتەیەك سەرقاڵی کاری رۆژنامەنوسی بوە (ئیبراهیم هەورامانی، ئەو وێنانەی دونیایان هەژاند، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ١١-١٢).

٢ وێنەگری بزوتنەوەی ئیسلامی بوە (حەمەی حەمە سەعید، گازبارانی هەڵەبجە و راستی رووداوەکە، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی، ٢٠١٤، ل ٩٣).

عێراقییەکانیان کرد. ئێران بە پەرۆشبوو کە ڕای گشتی جیهانیی لەدژی عێراق بوروژێنێت، چونکە سااڵنێك بوو ئێران سکااڵی بەکارهێنانی ئەو چەکەی لەاڵیەن عێراقەوە لە بەرەکانی جەنگ دەکرد.

دەربارەی ڕوداوەکە نەوشیروان موستەفا دەڵێت " ئەگەر ئێران پەیامنێرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی بانگ نەکردایە بۆ بینینی تاوانی هەڵەبجە، وەك گازبارنی دۆڵی جافەتی، بەری مەرگە، خۆشناوەتیی، قەرەداغ، بادینان و کارەساتەکانی ئەنفال کە زۆر لە کارەساتی هەڵەبجە گەورەتربوون، بە بێدەنگی تێدەپەڕی و هیچ کەسێکیش پێی نەدەزانی و بە هیچ شێوەیەکیش باسی لێوە نەدەکرا. ئێران ئەوە یەکەمین جار و دواجاری بوو کاری لەو شێوە بکات، ئەگەر ئەمەی بۆ ڕسواکردنی عێراق یان هەرمەبەستێکی دیکە کردبێت، ئەنجامەکەی بە قازانجی نەتەوەیی کورد شکایەوە، مەسەلەی کوردی لە ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهان و کۆڕە نێودەوڵەتییەکاندا بردە پێشەوە و دورایی کێ نێودەوڵەتی پێبەخشی" (نەوشیروان، ١٩٩٩، ل ١٤٧) هەرچەندە لە ڕاستییدا هیچ یەك لەو هێرشە گازیانەی پێشتر لەوەی هەڵەبجە گەورەتر نەبوون چی لە ڕووی ڕێژەی شەهید و بریندارانو هەروەها لە ڕووی ڕووبەرەوە.

تەوەری دووەم - ڕاپۆرت و هەواڵە نێوخۆییەکانی ئێران سەبارەت بە تاوانی گازبارانی هەڵەبجە و ڕەنگدانەوە لە ڕۆژنامەی ئیتلاعات دا:

ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ئێرانیی، ڕۆژنامەیەکی سیاسیی، فەرهەنگیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریە و یەکێکە لە کۆنترین ئەو ڕۆژنامانەی کە لە ئێراندا بەردەوام دەردەچێت. بۆ یەکەمجار ئیوارەی ڕۆژی یەکشەممە لە ١١ی تەموزی ١٩٢٦ لە تاران دەرچوو. ئەم ڕۆژنامەیە لەسەردەمی دەسڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی ١٩٢٥-١٩٧٩ دامەزراوە(پارسانژاد، ٢٠٢٣)، لە ماوەی جەنگی ئێران-عێراقدا، ئەم ڕۆژنامە لە پاڵ سێ ڕۆژنامەی دیکەی ئێرانی جمهوری ئیسلامی و کەیهان و ڕسالەت، یەکێك بووە لە گرنگترین ئەو ڕۆژنامانەی کە ڕومااڵی ڕۆژانەی جەنگی کردووە و لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێرانەوە هەواڵی هەمەجۆری گواستەوەتەوە.

پاش گازبارانی هەڵەبجە، لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە لە ڕۆژی شەممە ٢٦ ئادار، هەواڵێك لەگەڵ وێنەیەکی عومەری خاوەر دانراوە و لە سەردێڕدا بە خەتێکی گەورە نوسراوە "نوسینگەی ڕێبەریی ئێران بەهۆی بەرزڕاگرتنی شەهیدانی گازبارانی هەڵەبجە ماتەمینی گشتیی ڕاگەیاند". ئەم ماتەمینییە پاش دە ڕۆژ لە ڕوداوەکەوە ڕاگەیەنراوە. هەربۆیە دواتر لە خوار سەردێڕەکەوە، ڕۆژنامەکە هۆکاری ماتەمینییە گشتییەکەی ڕونکردەوەتەوە و دەڵێت " بۆ ئەوەی جیهان بزانێت، تا ئەوکاتەی کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لەژێر هەژموونی زلهێزەکاندابن، بانگەشەی دادپەروەری و مافی مرۆڤ، جگە لەدروشمێکی بێ ناوەڕۆك، هیچی دیکە نین (ڕۆژنامەی ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٤، ١٩٨٨)

لە هەواڵێکی ڕۆژنامەکەدا هاتووە کە موسەوی ئەردەبیلی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار نامەیەکی ئاڕاستەی سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کردووە. لە ناوەڕۆکی نامەکەدا هاتووە کە عێراق لە تاوانی هەڵەبجە زیاتر لە ٥٠٠٠ کەسی شەهید کردووە و هەزاران کەس ژەهراوی بوون، ئەوەش پێچەوانەی بەندەکانی جارنامەی گەردونیی مافەکانی مرۆڤە، کەچی ئێوە لە ئاست ئەو تاوانە بێدەنگن (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٥، ١٩٨٨/٣/٢٧ ، ل ٢)

هەروەها ڕۆژنامەکە ئاماری شەهیدانی بڵاوکردوەتەوە کە لە نەخۆشخانەکانی ئێراندا گیانیان سپاردووە، بۆنمونە شەش بەرکەوتەی کیمیایی لە نەخۆشخانەکانی شاری شیرازدا بە هۆی سەختی برینەکانیانەوە

گیانیان لەدەستدا. ڕووفاتی ئەو شەهیدانە بریتیبوون لە پێشمەرگەیەك و دوو منداڵ کە بۆ تاران گوێزراونەتەوە و لەوێ ئەسپەردە کراون. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٨، ١٩٨٨/٣/٣٠ ، ل ١٨).

ڕۆژنامەکە هەواڵی چالاکی پارتە سیاسییەکانی باشوری کوردستانیشی لە ناوخۆی ئێران سەبارەت بە هەڵەبجە گواستوەتەوە. وەك ئەو هەواڵەی کە ئاماژە بە نامەیەکی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان لە شاری سنەوە بۆ شەرەفەدین پیرزادە سکرتێری گشتی ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامیی ناردووە. لەم نامەدا بە ئاماژەکردن بە تاوانی هەڵەبجە و شەهید و بریندارببوونی هەزاران مسوڵمانی کوردی عێراقی، هاتووە " کە نەوەکانی سەلاحەدین ڕزگارکەری قودس بە دەست ڕق و کینەی ڕژێمی عێراقەوە بوونە قوربانی، چاوەڕێی ئەوەیان لە کۆنفرانسی ئیسلامیی جیهانی هەبوو کە هەڵوێستێکی جدییان هەبێت سەبارەت بەو کردارە ترسناکەی کە دەرهەق بە کوردی مسوڵمان لە هەڵەبجە بەکارهاتووە" (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٧، ١٩٨٨/٣/٢٩ ، ل ١٥)

هەروەها ئاماژەی بە چالاکییەککی دیکە کردووە، لەسەر بانگهێشتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تاران بەشێك لە ئاوارەکانی کوردی عێراقیی دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان و هەڵەبجە بە تایبەتیی، هەستان بە سازدانی خۆپیشاندانێك لەبەردەم بارەگای سەرۆکایەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەم خۆپیشاندانەدا کە ژمارەیەکی زۆر بەشداربوون، بەدروشمی مردن بۆ سەدام و مردن بۆ ئەمریکاو مردن بۆ سۆڤیەت و مردن بۆ ئیسرائیل، هەڵەبجە هەڵەبجە تۆڵە تۆڵە، هەڵەبجە هەڵەبجە هێرۆشیمایەکی دی... دروشمەکان دەوترانەوە. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٩، ١٩٨٨/٣/٣١ ، ل ١٨)

لەلایەکی دیکەوە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە ناردنی نامەیەك بۆ ڕێبەرانی دەوڵەتی سوریا و لیبیا بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی خوازیاری ئیدانەکردنی عێراق لەلایەن ئەم دوو وڵاتەوە بوو. گەلی کورد کە ئێوە بە دۆستی خۆی دەزانێت چاوەڕانی ئەوەی هەیە کە بە زووترین کات ئەو ڕژیمە سەرکۆنە بکەن. هیوادارین لە پاڵ گەلی ئێمەدابن، سەرجەم هاواری ئێمە بگەیەننە ڕای گشتی جیهانیی. ئەوە لە کاتێکدابوو کە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی جگە لە ئێران بێدەنگ بوون. ئەو تاوانەیان ئیدانە نەکردبوو. هەروەك لە کۆتاییدا نامەدا داواکراوە کە ئەو دوو وڵاتە دەستی هاوکاری بۆ بەرکەوتە و زیانلێکەوتوانی چەکی کیمیایی درێژبکەن. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٣٩، ١٩٨٨/٤/١٤ ، ل ١٤)

تەوەری سێیەم- دەنگدانەوەی نێودەوڵەتی تاوانی گازبارانی هەڵەبجە و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆژنامەی ئیتلاعات:

یەکەم – دەوڵەت و ڕێکخراوەکان:

ئێران کاریگەریی بەتینی هەبووە لەسەر ناساندنی کەیسی هەڵەبجە لە سەر ئاستی دەوڵەت ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. ئەوەش لە ڕێگەی نێردە دیبلۆماسی و باڵیوزخانەکانییەوە. لە هەواڵێکی ڕۆژنامەکە هاتووە، خاچی سووری نێودەوڵەتیی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی سەرکۆنە کرد. لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا هاتووە کە جێگری بەڕێوبەری مانگی سووری نێودەوڵەتی لەگەڵ کونسوڵی ئێران لە شاری جنێڤی سویسرا کۆبوونەتەوە. بەپێی ڕۆژنامەکە لەو دیدارەدا باس لە پرسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کراوە (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٤، ١٩٨٨/٣/٢٦ ، ل ١٤)

بەشێکی ئەو دەوڵەتە ئەوروپیانەی کە سەرکۆنەی تاوانی هەڵەبجەیان کرد بەهۆی لۆبی کردنی ئێرانییەوە بوو، چونکە زۆرجار ئەو سەرکۆنەکردنە ڕاستەوخۆ دوای دیدار لەگەڵ باڵیۆزی ئێران لەو وڵاتە دەهاتە

ئاراوە. بۆ نمونە، لە هەواڵێکدا هاتووە؛ دەوڵەتی نەوریج بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە عێراق سەرکۆنە کرد. جێگری وەزیری دەرەوەی نەرویج لە دیدارێکدا لەگەڵ باڵیۆزی ئێران لە نەرویج بەکارهێنانی چەکی کیمیاییان باس کرد و پاشتر نەرویج ئامادەیی نیشاندا بۆ چارەسەرکردنی برینداره‌کانی ڕوداوەکە. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٧، ١٩٨٨/٣/٢٩ ، ل ١٦).

لە هەواڵێکدا ڕۆژنامەکە ئاماژەی بە گەیشتنی شەش برینداری ڕوداوەکە کردووە کە بەمەستی وەرگرتنی چارەسەر بۆ نەخۆشخانەی کرامۆل لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا نێردراون. کە پێکهاتبوون لە سێ پیاو و سێ ژن بە فڕۆکەیەکی ئامبولانسی ئێرانی ڕەوانەی ئەو وڵاتە کراون. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٨، ١٩٨٨/٣/٣٠ ، ل ١٨). پاش چەند ڕۆژێك نەخۆشخانەکە ڕایگەیاند کە ناوەکانیان ڕەنگین عبدالقادر، ئەختەر عەلی، ئامینە ئەمین، کۆچەر عەلی، عەبدەڵا مەجید خەڵکی هەڵەبجە کە تەمەنیان لە نێوان پانزە بۆ چل ساڵ بووە لەگەڵ کەسێکی بەسیجی ئێرانی بەناوی بەهرام دهقان چارەسەریان وەرگرتووە بەڵان هێشتا لە نەخۆشخانە ماونەتەوە. دوو لەوانە زیان بەر چاویان کەوتووە، دوانی دیکە بەر سیبەکانیان و دوانەکەی دیکەش پێستیان زیانی بەرکەوتووە. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٣٠، ١٩٨٨/٤/٤ ، ل ١٣)

گەیشتنی پێنج کەس لە بریندارانی هەڵەبجە بە نیویۆرك، بەپێی ڕاپۆرتی یونایتد پرێسی ئەمریکا، ئەوانیش پیاوێك و ئافرەتێکی بەساڵاچوو سێ کچۆڵەی تەمەن نۆ ساڵ، دە ساڵ و دوانزە ساڵ. هەموویان بینیاییان توشی زیان بووبوو بە پێی پزیشك سوتانەوەکەیان پلە یەك و دوو بووە. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٩، ١٩٨٨/٣/٣١ ، ل ١٨).

ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنور بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە پشتڕاستکردوەتەوە. سێ کەس لە پزیشکانی پسپۆڕ، لە سەردانێکدا بۆ بینینی بەرکەوتەکانی گازباران چی لە ناوچەی هەڵەبجە و لە هەمانکاتدا لە نەخۆشخانەکانی تاران، جەختیانکردەوە کە هاوڵاتی مەدەنی بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی عێراقەوە شەهید و بریندار بوون. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٥، ١٩٨٨/٣/٢٧ ، ل ٢). هەروەك لە چەندین شوێنی دیکەی هەمان ژمارەی ڕۆژنامەکەدا هاتووە کە گروپە پزیشکەکە پێك هاتبوون لە دکتۆر مورلی بەڕەگەز بەلجیکی سەرۆکی ڕێکخراوەکە، دکتۆر میلینۆ لە ئەنجومەنی پزیشکی ئەڵمانی و کەسێکی دیکە بەناوی دکتۆر مورلیز.

ئوسقوفی باڵای ئەرمەنی ئەرداك مانوکیان، تاوانی کاربەدەستانی عێراق دژی خەڵکی مەدەنی سەرکۆنەکردوە. ئەو لە بەیاننامەیەکدا کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی هەڵەبجەی بە تونديی سەرکۆنەکرد و ڕای گەیاند کە ئەرمەنەکان خۆیان بە هاوبەشی خەمی خەڵکی بێتاوانی (عێراق) دەزانن. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٥، ١٩٨٨/٣/٢٧ ، ل ٣).

وادیارە ئێران سەرمایەگوزرایی سیاسی بە تاوانی هەڵەبجەوە کردوە و هەوڵیداوە بەهۆی ئەو ڕوداوەوە وێنەی خۆی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جوانتر بکات و لە بەرانبەریشدا وێنەی عێراق بشێوێنێتت. بۆ نمونە لە هەواڵێکی ڕۆژنامەکەدا هاتووە کە وەزیری دەرەوەی ئێران دکتۆر عەلی ئەکبەری ویلایەتیی لە گەشتێکی سێ ڕۆژە بۆ یۆنان، چاوی کەوتووە بە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا هانس دیتریش گینشەر، لەو دیدارەدا وەزیری ئەڵمانیا ئامادەیی نیشانداوە بۆ وەرگرتنی بریندار و بەرکەوتەکانی کیمیایی هەڵەبجە. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٧، ١٩٨٨/٣/٢٩ ، ل ٢). هەروەها لە هەمان ژمارەدا و لە لاپەڕە سێدا هەواڵێك اتووە کە نەرویج ئامادەیی دەربڕیووە هەتا پێنج کەس لە بریندارانی هەڵەبجە وەربگرێت. هەروەها

سویدیش ڕایگەیاند کە دە بەرکەوتەی کیمیای بۆ چارەسەر وەردەگرێت. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٧، ٣/٢٩/ ١٩٨٨ ، ل ١٤)

سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا مارگرێت تاچەر، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە دژی خەڵکی هەڵەبجە سەرکۆنەکرد. ئەوە لە کاتێکدایە کە موسەوی سەرۆك وەزیرانی ئێران نامەیەکە بۆ بیست سەرۆکی وڵاتانی جیهان ناردووە، کە عێراق چەکی کیمیایی بەکارهێناوە و پێویستە ڕێگری لێبکرێت لە دوبارە بەکارهێنانەوەی ئەو چەکانە. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٧، ٣/٢٩/ ١٩٨٨ ، ل ٣)

لە هەواڵێکدا ئاماژەکراوە بە ئامادەیی ژاپۆن بۆ وەرگرتنی بریندارەکان. میدیای کیودوی ژاپۆنی بە گواستنەوەی هەواڵەکە لە وەزارەتی دەرەوەی ژاپۆنەوە ڕایگەیاند کە هاریکاری لۆجستی و دەرمان پێشکەشی ئێران دەکات. هەروەها سەرچاوەکە ڕایگەیاندووە کە ئەم هەنگاوە بە مانای گۆڕانکاریی نایەت لە هەڵوێستی بێلایەنیی ژاپۆن بەرانبەر عێراق و ئێران نییە. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٩، ٣/٣١/ ١٩٨٨ ، ل ٢).

دواتر پاش چەند ڕۆژێك پێنج بەرکەوتەی کیمیایی هەڵەبجە هەناردەی تۆکیۆ کراون، لە ناویاندا ڕۆشنا جەبار کچێکی هەشت ساڵ و نەعیمە محمد ئەحمەد کچێکی شانزە ساڵ لەگەڵ سێ کەسی ئێرانیدابوون. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٣١، ٤/٥/ ١٩٨٨ ، ل ١٨). پاش یەك مانگ تاوانی هەڵەبجە، سێ کەس لە بریندارانلەوانە ڕۆشنا و نەعیمە گەڕێنرانەوە تاران، ڕۆشنا لەو کەسانەبوو کە لە خێزانێکی حەوت کەسی تەنها خوشکێکی مابووەوە ئەویش لە نەخۆشخانەی تاران بوو. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٤٠، ٤/١٦/ ١٩٨٨ ، ل ٣)

دەوڵەتانی ئوسترالیا و نیوزلەندا بەکارهێنانی چەکی کیمیاییان لەلایەن عێراقەوە سەرکۆنەکرد. وەزیری کاروباری دەرەوەی ئوسترالیا بیل هایدن لە ٢٤ی مارس لە بەیاننامەیەکدا گازبارانی هەڵەبجەی سەرکۆنە کرد. لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە لەو ڕواداوەی بە سەر هەڵەبجەدا هاتووە شۆکئامێزە، هیوای خواست کە بەرهەمهێنان و هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەکی کیمیای بێت لە جیهاندا. زیادلەوەش، هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە شەهیدکردنی ٥٠٠٠ کەس و بریندارببوونی ١٠٠٠٠ کەس لە هەڵەبجە گەورەترین تاوانە دەرهەق بە خەڵکانی مەدەنیی لە پاش جەنگی جیهانی دووەم. لەلایەکی تر‌ەوە ڕاسڵ مارشاڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی نیوزلەندا لە بەیاننامەیەکدا کە لە ٢٨ی مارس دەریکردووە هاتووە کە ئەوان بە ڕاشکاوی سودوەرگرتن لە چەکی کیمیای سەرکۆنەدەکەن. ئەو ڕاپۆتانەی دەربارەی هەڵەبجە دەدرێن تۆرەیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شوێن خۆیدا دەهێنێت. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٩، ٣/٣١/ ١٩٨٨ ، ل ٤)

هەروەها وەزارەتی دەرەوەی ژاپۆن لە بەیاننامەیەکدا بە قوڵی دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بووە لەلایەن عێراقەوە. ژاپۆن داوای کرد لەژێر چاودێری پەیماننامەی نێودەوڵەتی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی جنێف لە ١٩٢٥ بەکارهێنانی چەکی کیمیای لە جەنگی عێراق و ئێران کۆتایی پێبێت. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٩، ٣/٣١/ ١٩٨٨ ، ل ٤)

بەلجیکا سێ تەن دەرمان بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکان بۆ ئێران دەنێرێت. وەزارەتی دەرەوەی بەلجیکا ڕایگەیاندووە کە نرخی دەرمانەکە پێنج ملیۆن فرانکی بەلجیکی کە دەیکرد سەد و چل هەزار دۆلار بووە. بە هاریکاری ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنور ئەو کارە ئەنجام دراوە. ئەو هەروەها ڕایگەیاندووە ئەگەر ئێران ڕەزامەندبێت بڕێکی سنورداری بەرکەوتووەکان وەردەگرێت.

نۆزدە بریندارى چەکى کیمیایى کە پێك هاتبوون لە دوو منداڵ و دوو ژن و ئەوانى دیکەش پیاو، بە فڕۆکەیەکى ئەمبلانسى ئێرانیى ڕەوانەى سێ وڵاتى بەلجیکا، سوید، نەرویج کران. هەریەکە لە سوید و

بەلجیك حەوت نەخۆش و پێنج نەخۆشیش لە نەرویج مانەوە بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٣١، ٤/٥/ ١٩٨٨ ، ل ١٠). لە لایەکی دیکەوە دە بەرکەوتەی دیکەی هەلەبجە کە پێك هاتبوون لە پێنج ژن و پێنج منداڵ ڕەوانەی سوید کران. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٣١، ٤/٥/ ١٩٨٨ ، ل ١٤)

وەزارەتی دەرەوەی ئیتاڵیا بە بڕی ٧٠٠ کیلۆگرام دەرمانی چارەسەری مێشك و چاوی بۆ بەرکەوتەکانی گازباران هەناردەی ئێران کردووە. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٣١، ٤/٥/ ١٩٨٨ ، ل ١٠)

سەدان مسوڵمانی ئێرانی و نائێرانی لە شارە جیاوازەکانی ئەمریکا بۆ سەرکۆنەکردنی تاوانی هەڵەبجە لە پاش نوێژی ڕۆژی هەینی لە واشنتۆنی پایتەختی عێراق لەبەردەم باڵیۆزخانەی عێراق دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و بەچەندین دروشم سەرکۆنەی ئەو تاوانەیان کرد. لەلایەکی دیکەوە سەدان هاوڵاتی کوردی عێراق لە شاری ڕۆمای ئیتاڵیا خۆپیشاندانیان دژی عێراق کردو داوایان لە حکومەتی ئیتاڵیا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد کە هەڵوێست دژی عێراق بنوێنن. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٣١، ٤/٥/ ١٩٨٨ ، ل ١٤)

هەروەك پاپای ڤاتیکان ژان پۆڵی دووەم ڕێبەری کاسۆلیکەکانی جیهان بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ئیدانە کرد. ئەوەی لەبەردەم زیاترلە دە هەزار باوەڕداری مەسیحیدا وت. هەروەها وتی هەر ڕۆژێك کە تێدەپەڕێت هەواڵیکی ترسناکتر بڵاودەبێتەوە دەربارەی هەڵەبجە. بەکارهێنانی چەکی کیمییایشی وەك هەنگاوێکی دژە مرۆڤانە ناوبرد. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٣٦، ٤/١١/ ١٩٨٨ ، ل ٣)

خۆپیشاندانی کوردانی عێراق لەدژی حکومەتی عێراق لە شاری بۆن کۆبونەوە و لە نمایشی وێنەکانی ڕوداوەکان و شەهید و بریندارانی دەستیان بە خۆپیشاندان کرد. ئەوانە پێك هاتبوون لە خوێندکارانی زانکۆ، لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لایەنگرانی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان، چەنین گروپی کورد و تورك و سوری لە ئەڵمانیا بوون. لەم مەراسیمەدا زیاتر لە سی وێنەی گەورەی ئەو تاوانە نمایش کران. لە بەیاننامەیەکدا هاتبوو کە هەڵەبجە هێرۆشیمای دووەمە، کە بەدەستی سەدام پەیدابووە، کرین و فرشتنی چەکی کیمیایی بە عێراق دەستبەجێ بوەستێت و ئیدانە بکرێت. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٤١، ٤/١٧/ ١٩٨٨ ، ل ١٤)

جێگری وەزیری دەرەوەی ڕۆمانیا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و کوشتنی خەڵك نیگەرانی دەربڕی. لە دیداری لەگەڵ باڵیۆزی ئێران لە بۆخارستی پایتەخت گفتوگۆیان لە بارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کردوە و لە ئەنجامدا ئەو هەڵوێستەی لێکەوتەوەتەوە. هەروەها سەرۆك وەزیرانی پۆڵەندناش بەکارهێنانی ئەو چەکەی لەگەڵ باڵوێزی ئێران لەو وڵاتە گەنگەشە کرد و لە کۆتایی دا ئەو کارەی مەحکوم کرد لە ژێر هیچ هەلومەرجێکدا و تەنانەت لە دۆخی جەنگیشدا بەکارهێنانی ئیدانەکرد. هەروەها سەرۆك وەزیران وتی بە بینیینی ڤیدیۆکانی تاوانی هەڵەبجە مرۆڤ ڕق و کینە و تورەیی بۆ دروست دەبێت. پاشتر دەوڵەتی دانیمارکیش هاتە ڕیزەوە، وەزیری دەرەوە و جێگرەکەی لە دیدار لەگەڵ کاربەڕێکەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە کۆپن هاگن بەکارهێنانی هەرجۆرە چەکێکی کیمیایی قەدەغەو ناپەسەند دەزانن. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٤٠، ٤/١٦/ ١٩٨٨ ، ل ٣)

لەناو وڵاتانی ئیسلامیدا، بزوتنەوەی ئیسلامی ئەفغانستان نوسینگەی قوم، لە بەیاننامەیەکدا گازبارانی هەڵەبجەی ئیدانەکرد، کە حکومەتی عێراق بە هەموو هۆکارێکی نامرۆڤانە دەست دەبات، لە کۆتایی بەیاننامەکەدا داوا لە تەواوی وڵاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردوە کە بەرانبەر ئەو تاوانە بێدەنگ نەبن سەرانی عێراق پەلکێشی دادگا بکەن. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٤١، ٤/١٧/ ١٩٨٨ ، ل ٢)

لە هەواڵێکدا ڕۆژنامەکە ئاماژەی داوە کە عێراق بە فەرمی دانی ناوە بەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی. ئەو هەواڵەی لە ئاژانسی ئەسۆشیەتید پرێس وەرگرتووە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان نوسیویەتی کە کاربەدەستێکی پلەبەرزی عێراق پاش دیدار لەگەڵ خافێر پێرێز دی کویلەر سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕای گەیاند هەرکات ئێران بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ڕاگرت، ئەوا عێراقیش ئامادەیە کۆتایی بە بەکارهێنانی بهێنێت. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٣٨، ١٣/٤/ ١٩٨٨ ، ل ٤)

دووەم – (دەنگدانەوەی تاوانی گازبارانی هەڵەبجە لە میدیای نێودەوڵەتی و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆژنامەی ئیتلاعات دا):

پاش تاوانی هەڵەبجە ئێران بانگهێشتی میدیا جیهانییەکانی کرد بۆ ئەوەی لەنزیکەوە بەچاوی خۆیان ڕوداوەکە ببینن. ئەگەرچی لەسەرەتاوە بەربەست هەبوون، کەچی پاش دە ڕۆژ لە ڕوداوەکە و لە ٢٦ی مارسی ١٩٨٨ ڕۆژنامەکە هەواڵ دەدات کە ژمارەیەکی زۆری میدیای جیهانی و بە تایبەتی ڕۆژئاوایی بۆ ئەو مەبەستە براونەتە هەڵەبجە و دۆخەکەیان ڕوماڵ کردوە. لە میدیای فەرەنسیدا بە بینراو، بیسراو و نوسراو گرنگی بە ڕوداوی هەڵەبجە دراوە. سەرباری ڕادیۆکان، میدیای نوسراویش هەوڵەکەییان گواستەوەتەوە، لەوانە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی، ڕایگەیاندووە کە هەزاران کەس لە شاری هەڵەبجە بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە شەهیدکراون. هەروەها تۆڕی تەلەفزیۆنە فەرەنسییەکان بە پەخشکردنی ڤیدیۆی شار و گوندەکانی قوربانی بوومبیان پیشانداوە. لە هەمان کاتدا، ڕۆژنامەنوسە بەریتانییەکان پاش بڵاوکردنەوەی چەندین وتار، دەریانخستووە کە نیشانەی ژەهراویبوون بە گازی سیانید، خەردەل و مێشك بە ئاشکرا بە بەرکەوتووەکانەوە دیارە. هەروەها نوسراوە کە لە ڕاستیدا هەڵەبجە، سیروان، خورماڵ و گوندەکانی دەوروبەر کە بە ئامانج گیراون هیچ گرنگییەکی سەربازییان نەبووە، بە واتایەکی دیکە عێراق مەبەستی کوشتاری بە کۆمەڵ و کاولکاری ناوچەکە بووە. لەوانە ڕۆژنامەی گاردیاندا هاتووە کە بۆمبارانی هەڵەبجە گەورەترین ڕوداوی جەنگی عێراق-ئێران بووە. دەیڤید برادشۆ پەیامنێری بی بی سی لە بارەی ئەوەی کە لە هەڵەبجە دیویەتی نوسیویەتی کە بە هیچ گومانێك نییە کە عێراق چەکی کیمیای دژی خەڵکی ئاسایی هەڵەبجە بەکارهێناوە. هەروەها لە چەندین میدیای دیکەی وەك ڕۆژنامەی لیبراسیۆن، تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەی لسوری بەلجیکی، ڕۆژنامەی کوریەرمەدلاسەرای ئیتاڵی، ڕۆژنامەی ئاساهی شیمبۆنی ژاپۆنی، ڕۆژنامەی گونشی تورکی، باسوخواسی تاوانی هەڵەبجە بەچەندین شێواز ئاماژەی پێکراوە. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٤، ٢٦/٣/ ١٩٨٨ ، ل ١٤)

لە ژمارەیەکی دیکەدا بابەتێك نوسراوە لەلایەن پەیامنێری ڕۆژنامەی جمهوری ئیسلامی لە واشنتۆن بە ناونیشانی کاردانەوەی هێرشی کیمیابارانی عێراق بۆ سەر شاری هەڵەبجە لە میدیای ئەمریکادا. لەو بابەتەدا هاتووە کە دوای یەك هەفتە لە بێدەنگی دەربارەی تاوانی هەڵەبجە هەندێك لە ڕۆژنامە زایۆنیستەکانی ئەمریکا هەواڵەکەیان گواستوەتەوە ئەویش دوای ئەوەی کە چەندین میدیای جیهانی پێشتر لەو بارەوە ڕاپۆرتە هەواڵیان سازکردبوو. بەپێی ئەو ڕۆژنامەنوسە، یەکەمین هەواڵ کە بڵاوکراوەتەوە ڕۆژنامەی واشنتۆن تایمز بووە، ئەوە یەکەمین ڕۆژنامەی ئەمریکی بووە کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە بە تێروتەسەلی باسکردوە. لەو هەواڵەدا وێنەی عومەری خاوەر و نەخشەی جوگرافیایی هەلەبجە دانراوە. بەڵام ڕۆژنامەکانی نیویۆرك تایمز، واشنتن پۆست، واڵ ستریت جۆرنال هەتا ئەو ساتە هیچ ئاماژەیەکییان بەو تاوانە نەکردوە. وێزگە تەلەفزیۆنیەکانی ABC و CBS لە هەواڵێکی گشتی شەوانەدا،

ڤیدیۆیەکی دەربارەی گازبارانی هەڵەبجە و دۆخی برینداران‌کان بڵاوکردەوە. پاش چەند ڕۆژێك ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز بەناونیشانێك باسی لەوەکردوە کە ئێران عێراق تۆمەتباردەکات بە تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە، هەروەها هەر لەو هەواڵەدا هاتووە کە ئەو هێرشەی عێراق لە وەڵامی داگیرکاریی ئێراندا بووە بۆ سەر شاری هەڵەبجە. پاشتر ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستیش لە ڕاپۆرتێکدا لە لاپەڕەی یەکەم کە وێنەیەکی شەهیدانی هەڵەبجەی داناوە هاتووە کە زیاتر لە سەد کەس لە ژن و پیاو و منداڵ کە ئێران بانگەشە دەکات کە ئەوە خراپترین هێرشی مەدەنییە بەدرێژایی جەنگی ئێران دژی عێراق بووە. ئەم ڕۆژنامە پاش باسکردنی ڕەوشەکە نوسیویەتی ئێران ژمارەی قوربانییەکانی پەلامارەکەی بە ٤٠٠٠ کەس ڕاگەیاندوە، بەڵام دڵنیا نەبوون کە ئەو ژمارە پەسەندکراوبێت. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٦، ١٩٨٨/٣/٢٨ ، ل ٤).

لە لایەکی ترەوە، لە هەواڵێکدا هاتووە کە نمایشی فیلمی (هەینی ڕەشی هەڵەبجە) لە دیمەشقی پایتەختی سوریا بۆ ڕۆژنامەنوسانی ناوخۆ و دەرەوەی ئەو وڵاتە کراوە. ڕۆژنامەنوسانی ئەمریکی، سۆڤییەتی، بەریتانی، و ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا لە نزیکەوە وێنەیەکی دیکەی هەڵەبجە پێش و پاش جەنگیان لە نزیکەوە بینیوە، کە بە وتەی ڕۆژنامەکە کاریگەری زۆربووە لە سەریان. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٧، ١٩٨٨/٣/٢٩ ، ل ٤)

کەنالی یەکی تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ئیتاڵیا تاوانی هەڵەبجەی بە تاوانێکی بێپێشینەی ئەنجامداوە کە بووەتە هۆی شەهیدبوونی ٥٠٠٠ کەس. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٨، ١٩٨٨/٣/٣٠ ، ل ١٨).

هەروەك ڕۆژنامەکە ئاماژەی بە کاردانەوەی ڕۆداوەکە لە میدیای تورکیشدا کردوە. بۆ نمونەی لە ڕۆژنامەی سەباح ئاماژەی بەوە کردوە کە دوای ئەوەی سوپای عێراق لە بەرانبەر پێشڕەوییەکانی سوپای ئێراندا شکستی خواردوە، لە بەرانبەردا شاری هەڵەبجەی بۆمباران کردوە و خەڵکێکی مەدەنی زۆر بونەتە قوربانیی. هەروەها ئاماژەی بەوەکردوە کە فڕۆکەوانە عێراقیانەی کە گازبارانی هەڵەبجەیان دەکرد و کۆڵان و شەقامەکانیان پڕدەکرد لە تەرمی ژن ومنداڵان، لە گەڕانەوەدا وەك قارەمانێکی میللی لە بەغداد دەبینران.

هەروەها ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەکردوە کە لۆجیکی سستمی سیاسی عێراق دەرهەق بە هەڵەبجە ئەوەبووە کە ئەوەی کە لەگەڵی نەبێت، ناهێڵێت لەگەڵ دوژمنەکەیدا بێت. بۆیە هەزاران هاوڵاتی مەدەنی بە گازەکانی سیانید، هەردەڵ و مێشك لە ئامێزی یەکتریدا گیانیان سپارد. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٢٨، ١٩٨٨/٣/٣٠ ، ل ١٨).

ڕۆژنامەی فرانکفۆرتی ئەڵمانی لە لاپەڕەی یەکەمی خۆیدا نوسیویەتی کە عێراق چەکی ژەهراوی بەکارهێناوە، کە بووەتە هۆی کوشتنی هاوڵاتی ئاسایی، ڕۆژنامەکە زیاتر دواوە و لەسەر زاری پارتی دیموکراتی کوردستان عێراق بە بەکارهێنانی ئەو چەکە تۆمەتبار کردوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بەکارهێنانی ئەو چەکانە لە شاری هەڵەبجە، ٥٠٠٠ شەهید و ١٠٠٠٠ ئاوارەی لێکەوتەوە. (ئیتلاعات، ژ١٨٤٤٠، ١٩٨٨/٤/١٦ ، ل ٣).

ئەنجام

گرنگترین دەرئەنجامی ئەم توێژینەوە بریتییە لە:

- ئێران بۆ بەدەست هێنانی قازانجی سیاسی و بەرژەوەندی نیشتیمانی خۆی، تاوانی گازبارانی هەڵەبجەی بە جیهانی کرد، لەسەر چەندین ئاستی جیاجیا کاری کرد بە تایبەت لەڕووی میدیاییەوە، لەلایەکەوە میدیای ناوخۆییەکان بەکارهێنا بۆ تۆمارکردن و گواستنەوەی ڕۆداوەکە بۆ جیهان، لە هەمان کاتدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بانگهێشتکردن و ئاسانکاری بۆ میدیا جیهانییەکان هەتاوەکو لەنزیکەوە

سەردانی مەیدانیی بۆ هەڵەبجە بکەن، ئەوەش کاریگەری لەسەر هاوسۆزی جیهانی بۆ هەڵەبجە و بە گشتی بۆ پرسی کورد دروستکرد. لەبەر ئەوە ئێرانیش وەك لایەنی بەرامبەر کە تاوانبار بوو بەم شێوەیە تاوانی گازبارانەکە خستە ئەستۆی رژێمی بەعسی عێراقەوە و پاکانەی بۆ خۆی هێنایەوە.

- لەسەر ئاستی ناوخۆی ئێران، ڕۆژنامەی ئیتلاعات کە یەکێك بووە لە ڕۆژنامە پڕتیراژەکانی ئەو وڵاتە، چەندین هەواڵ و ڕاپۆرتی تایبەتی لەسەر ڕوداوەکە پێشکەش کردووە، زۆرینەی جار لە لاپەڕەی یەکەم هەواڵی هەڵەبجە دانراوە، ڕۆژنامەکە ڕەوشی ئاوارەکان، بریندارانی، تەنانەت چالاکی پارتە کوردییەکان باشوری کوردستان لە دەرەوە و ناوەوەی ئێرانی سەبارەت بە پرسی هەڵەبجە گواستوەتەوە.
- لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاربەدەستانی ئێرانی چەندین هەوڵی دیبلۆماسیان بەگەڕخست بۆ پەیوەندی کردن بەدونیای دەرەوە و کارکردن لە گۆڕینی ڕای گشتی جیهانی بۆ سەرکۆنەکردنی عێراق، بە تایبەتی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان. ڕۆژنامەکە زۆرینەی ئەو هەواڵ چالاکییانەی گواستەوەتەوە، لەسەر زاری پەیامنێرەکانی، یان میدیا جیهانییەکان یان تەنانەت بەرپرسە ناوخۆیی و دەرەکیەکان.
- لە ڕووی میدیای جیهانییشەوە، ڕۆژنامەنوس و ڕیپۆرتەرە ئێرانیەکان یەکەمین ئەوانە بوون کە هاتنە هەڵەبجە و وێنەکەیان بۆ جیهان گواستەوە، بەدوایدا ڕۆژنامەنوسانی دیکەش هاتن، ڕۆژنامەی ئیتلاعات بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆجی مێژووی ئەو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و تەنانەت هەندێك جار بەرنامە ڕادیۆییانەی لە ژمارە ڕۆژانەکانیدا ڕوومالّ کردووە. نەك هەر ئەوە هەندێك جار شیکاری بۆ ناوەخنی بابەتەکانیش کردوە ئەوەش وەك ئاوێنەیەك بەشێکی زۆری ڕوداوەکانی گواستوەتەوە.

لیستی سەرچاوەکان:

1. Hawraman Fariq Karim and Bahar Baser (2022), Collective Memory in Post-Genocide Societies: Rethinking Enduring Trauma and Resilience in Halabja. *Review of Middle East Studies, 56*(1)

٢. امید پارسا نژاد، تولد روزنامه اطلاعات، ٢٣ اوگوست ٢٠٢٣، در دسترست:
https://web.archive.org/web/20120112091146/http://www.magiran.com/article.asp?AID=918

٣. بکر حمەسدیق، ذکریات حلبجه، ترجمه: حسن عبدالکریم، السلیمانیه، ٢٠٠٤.

٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەدی حاجی محەمەد، سەرۆکی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، گوڵەخانە، ٢٠١٤/٩/١.

٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ نیعمەت محەمەد عیزەت، ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی، خورماڵ، ٢٠١٤/٨/٣٠.

٦. حەمەی حەمە سەعید، گازبارانی هەڵەبجە و راستی روداوەکە، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی، ٢٠١٤.

٧. رضوان عارف عباس، بررسی بمباران شیمیایی حلبچه توسط رژیم بعث عراق و کمکهای ایران به اسیب دیدگان و پناهجویان، پایاننامه کارشناسی ارشد، دانشگاه تهران، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، ٢٠١٥.
٨. روزنامه اطلاعات، شماره (١٨٤٢٦ - ١٨٤٤٠) در ٢٦ نیسان ١٩٨٨ - ١٦ اوریل ١٩٨٨.
٩. شەوکەتی حاجی مشیر، هەڵەبجە دوژمنانی کورد رسوا دەکات، چاپخانەی ئوفیسی بابان، سلێمانی، ١٩٩٩.
١٠. عادل سدیق عەلی، کۆمەلکوژی کورد لە جەنگی ئێران- عێراقدا هەڵەبجە بە نمونە، توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسیە، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی، ٢٠١٨.
١١. کارزان محەمەد ئەحمەد (پ.ی. د.) ، ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی گازبارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەگەریی ئێرانیی دا ڕۆژنامەی کیهان بە نموونە، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی، ژمارەی تایبەت، تەموزی ٢٠٢٢.
١٢. مایکڵ جەی کیلی، تارماییەکانی هەڵەبجە سەدام حسێن و جینۆسایدی گەلی کورد، وەرگێڕانی: کارزان محەمەد، دەزگای چاپ و پەخشی جەمل عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٢.
١٣. محمد علی عبدالباعث العریان (الدکتور)، الموقف الدولی من استخدام الغازات السامةفی حلبجة ١٩٨٨، مجلة قطاع الدراسات الانسانیة، عدد ٣٠، دیسمبر ٢٠٢٢.
١٤. میدڵ ئێست ووچ، جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤.
١٥. نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا: دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستان ١٩٨٤-١٩٨٨، سلێمانی، چاپی دووەم، ١٩٩٩.
١٦. یدالله ایزدی، عملیات والفجر ١٠، بمباران شیمیایی حلبچه، مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس سپاه پاسداران انقلاب اسلامن تهران، ١٣٩٢.
١٧. ئیبراهیم هەورامانی، ئەو وێنانەی دونیایان هەژاند، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١.

پاشکۆکان

✓ چەند لاپەڕەیەک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی ئیتلاعات کە هەوڵ و زانیاری دەربارەی هەڵەبجە گواستوەتەوە:

